# عێراق له‌ به‌رده‌م توند و تیژیدا

**وه‌رگێرانی له‌ ئینگلیزییه‌وه‌ : عه‌زیز ڕه‌ئووف**

**هه‌ر له‌و مانگه‌ی كه‌ سوێندی یاسایی كابینه‌وی نوێ ی حكومه‌تی نوێ ی عیراق خورا ،هه‌ر له‌و ماوه‌یه‌ی كه‌ سونه‌كان ڕازی كران كه‌ پۆسته‌ به‌تاڵه‌كانی كابینه‌ی نوێ پڕبكه‌نه‌وه‌، له‌ سه‌ر و به‌ندی چاره‌ سه‌ر كردنی كێشه‌كانی به‌رده‌م كابینه‌ی نوێ ی حكومه‌تی عیراق ، توند و تیژی شه‌قامه‌كانی عیراقی گرته‌وه‌ و چه‌ندین كه‌س بوونه‌ قوربانی ته‌قینه‌وه‌كان كه‌ یاخی بووان له‌ شوێنه‌ جیاجیاكانی عیراق ئه‌نجامیاندا.**

**دیار ترین هه‌ڵمه‌تی توند و تیژی كه‌ له‌ لایه‌ن یاخی‌بوانی ئه‌نسا سوننه‌وه‌ ئه‌نجام درا ته‌قینه‌وه‌ گه‌وره‌كه‌ی شاری هه‌ولێری كوردنشینی باكوری عیراق بوو، كه‌ له‌ ئۆفیسێكی ناونوس كردنی پۆلیسی نوێ به‌مه‌به‌ستی دامه‌زراندن تیرۆرستێك خۆی ته‌قانده‌وه‌ و زیاد له‌** 50 **كه‌س كوژران و** 150 **كه‌سی تریش بریندار بوون.**

**سه‌رقاڵ بوونی حكومه‌تی نوێی عیراق له‌ سه‌ر دابه‌ش كردنی پۆسته‌كان بۆشاییه‌كی دروست كردبوو كه‌ یاخی‌بووان قۆستیانه‌وه‌ و له‌ چه‌ندین شوێنی جیاجیادا ته‌قینه‌وه‌ی خۆ كوژییان ئه‌نجامدا.**

**هه‌ر له‌و هه‌فته‌یه‌دا له‌ هه‌ولێر و چه‌ندین شاری تری عیراقدا زنجیره‌یه‌ك ته‌قینه‌وه‌ ئه‌نجام دران و چه‌ندین قوربانی لێكه‌وته‌وه‌.**

**شاری ته‌له‌عفه‌ر كه‌ ڕه‌مزی توند و تیژی و نائارامییه‌ له‌ عیراقدا ته‌قینه‌وه‌یه‌كی گه‌وره‌ی به‌خۆوه‌ بینی. ته‌له‌عفه‌ر** 60 **كیلۆمه‌تر له‌ موسڵ و** 400 **كیلۆمه‌تر له‌ به‌غدای پایته‌خته‌وه‌ دوره‌ و ژماره‌ی دانیشتوانی** 400 **هه‌زار كه‌سه‌ و** 95٪ **ی دانیشتوانه‌كه‌ی توركمانن.**

**ته‌له‌عفه‌ر كه‌ له‌ ساڵی** 1920**دا گه‌وره‌ترین مقاوه‌مه‌ی دژ به‌ داگیركاری ئینگلیزه‌كان كردووه‌ ، ئیستا له‌ قه‌یرانی مرۆیی و سیاسی گه‌وره‌ به‌خۆوه‌ ده‌بینێت.**

**عه‌لی ئه‌كبه‌ر له‌ ناوه‌ندی مافی مرۆڤی عیراقی له‌ شاری ته‌له‌عفه‌ر به‌ ئه‌هرامی ڕاگه‌یاند كه‌ بۆ چاره‌سه‌ر كردنی بریندارە‌كان پێویستیمان به‌** 10 **هه‌زار سرنجی نه‌خۆش و ستافێكی كارای پزیشكی هه‌یه‌.ئه‌كبه‌ر ئه‌وه‌شی وت كه‌ شاره‌كه‌ ئیستا له‌ حاڵه‌تێكی زۆر نائاساییدایه‌.**

**به‌ڕێوه‌به‌ری سه‌نته‌ری كه‌ركوكی مافی مرۆڤی عیراق محه‌مه‌د سامانجی وتی ده‌بێ بزانین ئیستا ته‌له‌عفه‌ر پێویستی به‌ چی هه‌یه‌ . محه‌مه‌د وتی"ته‌له‌عفه‌ر پێویستی به‌ پشتگیری مه‌عنه‌وی هه‌یه‌.چونكه‌ دانیشتوانی نابێ هه‌ست به‌وه‌ بكه‌ن كه‌ له‌ شارێكی په‌راوێزخراودا ده‌ژین".**

**هه‌فته‌ی ڕابردوو هێزه‌كانی ئه‌مریكا به‌ سه‌رباز ئابڵوقی ته‌له‌عفه‌ریاندابوو .**

**سه‌عده‌دین ئاكیج سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی توركمان به‌** Al Ahram**ی ڕاگه‌یاند و وتی" بۆ چاره‌سه‌ر كردنی كێشه‌كانی ته‌له‌عفه‌ر ئێمه‌ په‌یوه‌ندیمان به‌ قونسوڵی ئه‌مریكا و به‌ریتانیا و هێزه‌كانی ئه‌مریكا له‌ كه‌ركوك كردووه‌ كه‌ ئیستا بار و دۆخی ته‌له‌عفه‌ر ئاساییه‌ و ژیانی ڕۆتینی خه‌ڵك وه‌ك جاران وایه‌".**

**سه‌عده‌دین وتی له‌ درێژه‌ی ئه‌و زنجیره‌ توند و تیژیانه‌ی كه‌ له‌م ماوه‌یه‌دا كراونه‌ته‌ سه‌ر ته‌له‌عفه‌ر زیاتر له‌** 300 **كه‌س كوژراون و** 3 **هه‌زاری تریش بریندار بوونه‌و نزیكه‌ی هه‌زار كه‌سیش ڕفێنراون.**

**سه‌عده‌دین ئه‌وه‌شی وت كه‌ سه‌دان خێزان به‌ تایبه‌ت له‌ ده‌ور و به‌ری شاری ته‌له‌عفه‌ر ماڵه‌كانیان چوڵ كردووه‌.**

پیاوێک کە لە تەلەعفەرەوە بۆ کەرکوک هەڵاتبوو نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە Al Ahram ی ڕاگەیاند کە 35٪ی دانیشتوانی تەلەعفەر تورکمانی شیعەن و لە هەوڵی ئەوەدان کە کێشەی مەزهەبی و تائیفی لەو شارەدا دروست بکەن.

هەمان پیاو وتی"لە سەرەتاوە تەلەعفەر پێشمەرگەی کوردی لێبوو، وە هەوڵیان دەدا شارەکە داگیر بکەن و تورکمانی تێدا نەهێڵن، لە سەرەتاوە خەڵك بەگشتی مقاوەمەیان دەکرد بۆ پاراستنی سەر و ماڵیان، بەڵام دواتر سوننەکان ئەو شەڕەیان قۆستەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری تێرۆرستی".

هێزەکانی ئەمریکا بە پاڵپشتی پێشمەرگە کوردەکان لە ناو شارەکەدان و لە هەوڵی پاراستنی ئەمنی شارەکەدان.

سەبارەت بە بوونی چەکداری بیانی بەتایبەت سوری چونکە تەلەعفەر تەنها 60 کیلۆمەتر لە سنوری سوریاوە دورە، ئەو پیاوەی کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتی"چەکدارە بیانییەکان و سورییەکان لە بۆمبابارانەکەی ساڵی پاردا تەلەعفەریان جێهێشت" .

لێکۆڵەرەوەی سیاسی سەعد ئەلحودەیسی بە Al Ahram ی ڕاگەیاند کە تەنها شاری تەلەعفەر لە ژێر حەسار و هەڵمەتی ڕۆژانەی چەکداریدا نییە .

سەعد وتی"هەڵمەتی ئاسایی کردنەوەی شارەکە بەردەوامە دژ بەو تیرۆرستانەی کە ئاسایشی شارەکە تێك دەدەن ". سەعد زیاتر وتی"ئێمە پێویستمان بە بنیاد نانی بەدیلێك هەیە بۆ ئەوەی تراژدیا لەم شارەدا دوبارە نەبێتەوە و خەڵکی بە ئاسودەیی بژین".

لە کاتی بنیادنانی حکومەتی نوێ لەسەر دەستی ئیبراهیم جەعفەری سەدان کەس لەم شارەدا کوژران و جەعفەریش بەڵێنی دا کە هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتە گەڕ بۆ بنەبڕ کردنی تیرۆرستان کە بەتەواوی ئاسایشی وڵاتەکەیان شێواندووە.

دانانی وەزیری ناوخۆی نوێ کە کاندیدی لیستی شیعەکانە هێندەی تر کێشەی ناوخۆی عیراقی ئاڵۆز کردووە. فەلاح نەقیبی وەزیری ناوخۆی پێشو بە بیانووی پەیوەندیان بە گروپە یاخیبووەکانەوە سەدان کەسی لە دەزگاکانی ئاسایش دەرکرد و ئیستاش کۆی ئەو هەموو کێشانە ڕووبەڕووی وەزیری ناوخۆی تازەکاندید کراو بۆتەوە.

لیستی یەکگرتووی شیعە و حزبی دەعوا و هاوپەیمانی کوردەکان پۆستە گرنگەکانی حکومەتیان داگیر کردووە و لیستی ئەلعێراقییەش هیچ پۆستێکی وەرنەگرتووە. یەك ڕوژ پێش ڕاگەیاندنی پێکهێنانی حکومەت ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتمانی تیرۆرکرا.

ئیبراهیم جەعفەری ڕایگەیاند یەك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت پەیوەندی بە گۆڕینی کاندیدەکانی گروپی سوننەوە هەبوو.

جەعفەری وتی چەندین پۆست درابوو بە سوننەکان بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون وەری بگرن .

دواجار حکومەتی نوێی عیراق پێکهات ، بەڵام پێکهێنانی حکومەت نەیتوانی کۆتایی بە توند و تیژییەکانی ئەو وڵاتە بهێنێت.

.....................................................

سەرچاوە: **Al Ahram Weekly**